# بابانییەکان بنەچەو دەسەڵاتیان و ڕۆلی شارستانییان

علی هجران محمد غریب[1]، زریان حاجی[1]، ئاراس اسماعیل خضر [2]

[1] بەشی شوێنەوار، کۆلێجی زانستە مروڤایەتییەکان، زانکوی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

[2]بەشی شوێنەوار. کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە –** میرنشینی بابانی یەکێك بووە لە میرنشینە بەهێزەکانی ناوچەکە، ڕۆڵێکی دیار و کاریگەر هەبووە لە ڕووداوەکانی مێژووی کوردستان، میرانی ئەم میرنشینە لە بنەماڵیەکی پایەدار بوون، توانیویانە نزیکەی سێ سەدە فەرمانڕەوابەتی خۆیان لە ناوچەکەدا بکەن، سەرباری ئەوەی، کە ناوچەیەکی زۆر نا ئارام بووە لە ڕووی سیاسی و سەربازی، بەهۆی ئەوەی میرنشینی بابانی لە نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی بوون، سەرباری ئەم دۆخە نا جێگیرە، شارەکانی ئەم میرنشینە لە ئاستێکی باشدا بوون لە ڕووی پلانسازیەوە، دابەش بوونی گونجاو بۆ یەکەکانی شار، هەمان شێوازی پلانسازی شاری میزۆپۆتامیا بوو.

**کلیلی ووشە:** بابابیەکان، کۆمەڵگەی بابانی، شاری بابانی.

## پێشەکی:

میرنشینی بابان سەرباری ئەو مێژووە کورتەی هەیبوو ڕۆڵێکی زۆری هەبوو لە کایەی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ناوچەکەدا، مێژووی دەرکەوتنی ئەم میرنشینە چەندین ڕاو بۆچوونی چیاوازی لە سەرە، بنەچەی ئەم خانەوادەیە لەچەند سەردەمێکدا و لە چەند شوێنێکی جیاواز دەرکەوتوون، میرنشینی بابانی ڕۆڵی گرنگی هەبوو لە پێشکەوتنی زانست و زانیاری، میرانی بابان هەردەم پاڵپشتی مەعریفەت بوون و جێی دەستی میرانی بابان لە فەرهەنگی کوردیدا بە ڕوونی دیارە.

لەم توێژینەوەیەدا زیاتر میتۆدی گێرانەوە و شیکاریمان پەیرەو کردوە، بەتایبەتی شیکاری کراوە بۆ زانیاریی، کە پەیوەندی هەیە بە لایەنی بزاڤی کۆمەلایەتی و ئابووری و زانستی

، ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی لایەنی کۆمەڵایەتی و شارستانیەتی و فەرهەنگی ئەم میرنشینەیە.

گرنگترین ئەو گرفتانەی کە لەم توێژینەوەیدا هەوڵ دراوە چارەسەر بکرێن ئەوەیە بابانییەکان گومانیان نا ڕوونییەك دەربارەی بنەچە و ڕەچەڵەکی بابانییەکان هەیە، لەگەڵ سیستەمی حوکمڕانی ئەم میرنشینە، شیکردنی ڕۆڵی بابانییەکان لە شارستانیەتی کوردیدا، ئەم توێژنەوەیە هەوڵێکە بۆ ساغکردنەوەی زۆر لایەنی شاراوە یان یەکخستنەوەی زانیاری لە سەرچاوەکاندا.

### 1.1 : بنەچەی بابانییەکان :

لەڕووی زاراوە وە سەبارەت بە وشەی بابان بۆچوونی جیاواز هەیە، هەندێك لە بۆچوونەکان تا ئاستێك لە ڕووی زانستییەوە ڕێی تێناچێت و دەتوانین بڵێین بێ بەڵگەو بنەمای مێژووین، بەڵام هەندێکییان تا ئاستێك نزیکترن لە ڕاستی، دیارترین ئەو بوچونانەش، کە بە هەڵە لیکدانەوەیان بۆ زاراوەی بابان کردوە بەشێکیان ئەوانەن کە لە سەرچاوە تورکیەکان وەرگیراون، بەجۆرێك، کە بنەچەی وشەی بابان دەگێرنەوە بۆ (سلێمان بەبە)، یان لە هەندێ سەرچاوەی دیکە لە بری (سلێمان بەبە) ئاماژە بە ناوی (فەقێ ئەحمەد) (بابان، 1993، 10).

ئەمە سەرباری ئەوەی هەندێك لە سەرچاوەکان پێیان وایە، کە سەرەتای دەرکەوتنی ناوی بابان بۆ عوسمانییەکان دەگەڕێتەوە، دەگێرنەوە گوایە، سلێمان بەبە دامەزرینەری خانەوادەی پێنجەمی بابان، پاش ئەوەی هاوکاری عوسمانیەکان دەکات لە جەنگیان لە دژی شورشەکانی ناوچەکە، لەلایەن سوڵتانی عوسمانییەوە بانگهێشت دەکرێت بۆ ئەستانە، سلێمان بەبەش بە جلێکی سەربازی و بە قیافەیەکی ڕێکەوە چوو بۆ ئەم دیدارە، لە کاتی چاوپێکەوتنی، سوڵتان بە سەرسوڕمانێکەوە بەسلێمان بەبەی ووت : "وای بەبەم- بەواتای وای باوکە" ئەم وشەیە لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژگاردا بوو بە نازناوی فەرمانڕەوایانی ناوچەکە, (بورهان، 2008 ، 48) ئەم بۆچوونە تا ئاستێکی زۆر لە ڕاستیەوە دوورە ! بەوپێیەی، کە بابانیەکان لە دوو سەدە پێش ئەم ڕووداوە بوونیان هەبووە و بە چوار خانەوادەی میرانی بابان بەوناوە ناسراون لە پێش عوسمانیەکاندا، هەر وەك مێژوونوسی کورد ماموستا جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی چەختی لێ دەکات. (البدلیسی: 2001 ،473).

بۆچوونی دروست دەربارەی ناوی بابانییەکان ئەوەیە، هەروەك لە هەندێك سەرچاوەی کوردیدا هاتووە کە زیاتر لە ڕاستی نزیکن، ئەوانیش هەندێکیان بنەڕەتی ناوی بابان دەگەڕێننەوە سەر وشەی (بەبە)، ئەم وشەیەش لە زمانی کوردیدا بۆ منداڵی ساوا (تازە لەدایك بوو) بەکاردێت، گوایە یەکەم میری بابانەکان لە باوەشی دایکیدا بووە بە (بەبە) بانگ کراوە ودواتر ئەم ناوە گۆڕاوە بۆ بابان،( بابان، 1993، 8-11) بۆچوونەکی دیکە، لەو بڕوایەدایە، کە وشەی بابان لە بەنەڕەتی وشەی (باب-بابا-بابە) هاتووە بەواتای باوك دێت، لە کۆمەڵگای کوردیدا، بە تایبەتی لە هەموو خانەوادەیەکدا ئەم وشەیە بەکاردێت، کە (باوکان بەم ناوە بانگ دەکرێن)، ( بابان، 1993، 8-11)

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 9، العدد 4 (2023) ؛ عدد الصفحات (8)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v9n4y2023.pp66-73

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 7 ايار 2023 ؛ قُبل في 21 حزيران 2023؛ نُشرت في 21 أيلول 2023؛

البريد الإلكتروني للمؤلف: ali.gharib@univsul.edu.iq, zryan.hama@univsul.edu.iq, aras.khider@su.edu.krd

حقوق الطبع والنشر © على هجران محمد غريب، زريان حاجى، ئاراس اسماعيل خضر. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

بەڵام ئەم دوو بۆچوونەش تەنها لە سەرچاوەیەکدا باس کراوە بۆیە پێویستی بە بەڵگەی زیاترە، لە ڕووی لۆجیکەوە لاوازی پێوەدیارە، لەبەر ئەوەی لە فەرهەنگ وکلتوری کوردی وناوچەکەدا قورسە و نەشیاوە، بۆ پیاوێکی ئاسایی بە نازناوێک بانگ بکرێت کە بۆ منداڵان بەکاردێت وەك (بەبە) ئەگەر ئەو پیاوە میربێت ئەوە بە هیچ شێوەیەک شیاو نیە بەو نازناوە بانگکرابێت

بۆچوونەکی دیکە هەیە (کە تاك بوچوونە) کە (حوسێن حزونی) کە پێی وایە لەو دەمەوە خاکی شارەزوور کرایە دووبەش، دوو ناوی لەسەر دانرا : یەکێك بوو بە (بابان) ودووەم بە (ئەردەڵان) . ئەو دوو نێوانە ناوی قوبادی باپیرە گەورەیان بوو کە ناسرابوو بە (بابا-ئەردەڵان) . ئەمیر تەیموورخان پاشا ئەوەی خاکی باپیرەی لەت کرد (بابا-ئەردەڵان) ناوی بابا درایە خاکی ئەو سێ کوڕانەی کە میر بۆداغ(بوداق) میر موراد ومیر بەدرخان بن.(جوزنی، 2007 ،391)

بەڵام هەندێك بۆچوونی دیکە هەیە، بنەڕەتێکی ئاینی بۆ باسەکە دادەڕێژن و پێیان وایە کە لە (بابا) هاتوو، ئەمیش پەیوەندیکی راستەوخۆی هەیە لەگەڵ شوێن کەوتووانی ئاینی کاکەیی (ئەهلی حەق) وشەی (بابا) وەك نازناویەك ئاینی بەکار هاتووە،(بابان، 2008 ،11) بەڵام دەبێت ئەو ڕاستیە بزانین، کە هەرچەندە ئەم نازناوە مۆرکێکی ئاینی پێوەیە، بەڵام لەو سەردەمدا بۆ پیاو ماقوڵان و پایەدارانی کۆمەڵگاش بەکارهاتووە وەك میر وپاشاکان وسەرۆك هۆزەکان. ( بابان، 1993 ،11):(ڕۆژبەیانی،2005، 11): (ناظم بك، 2001، 49)

هەروەها لە باسی بنەچەی ئەردەڵان و ناوی بابا، کە وەك پێشگریەك بۆ ناوی (ئەردەڵان) بەکارهاتووە، ئاماژەیەکی ڕوونە کە وشەی بابا پەیوەندیەکی بەهێزی هەیە لەگەڵ ئاینی و ئەدەبیاتی (ئەهلی حەق)دا، وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا پێشگری (بابا) بۆ پیاوانی ئاینی گەورە بەکارهاتووە، ئەمەش زیاتر لەو بۆچوونە نزیك دەبێتەوە، کە بابا ئەردەڵان پیاوێکی گەورەی ئاینی بووە، ئەو پێشگرەش گوزارشت لەو بۆچوونە دەکات، چونکە ئەوان بۆ پیاوە ئاینیەکانی خۆیان بەکارهێناوە، بۆ پشتراستکردنەوەی ئەو بۆچوونە، گۆڕی زۆربەی پیاوچاکەکانی ئەهلی هەق کەوتوەتە سنووری ئەردەڵان وبابان. ( بابانزادە، 2012، 77) و ( هروتی، 2012 ، 127) هەر لەو ڕوانگەوە بەپێی ئەوبۆچوونە بێت ناوی بابانییەکان وئەردەڵانیەکان یەکن، کە هەردووکیان سەرچاوەیان لە (بابا) هاتووە، ئەم بۆچوونە نوسەری دیاری کورد *"توفیق وهبی"* پشتگیری لێی کردوە، کاتێك لەگەڵ مێژوونووس مەلا جەمیل بەند گفتوگۆیەکیان کردووە و جەختیان لەو بابەتە کردۆتەوە کە هەردوو بنەچەی بابان وئەردەلان بۆ زاراوەی بابا دەگەڕێتەوە و هەر دووکیان لە بەنەڕەتادا یەکەن.(البدليسي، 2001 ، 473)

سەبارەت بە (بابا ئەردەڵان) مێژوونووسی دیاری کورد (مەلا جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی) پێی وایە بنەچەکەی لە کوردە گۆرانەکان بووە، وشەی (باوە)ش خۆی نازناوێکە کە تایبەتە بە گۆرانەکان و بەتایبەت تریش (کاکەیی) یەکان، کە بۆ شێخ وپیری ئاینی بەکاریان هێناوە، وەك(بابا تاهیری هەمەدانی، بابا عەلی، باوە محەمەد لە خانەقین، باوە یادگار لە هەورامان، باوە شاسوار لە کفری، باوە قەتال لە کەرکوك ... تد)، ئەم (باوە)یە کە نازناوی ئەم پیاوە گەورانە بووە، نازناوێکی ناوچەیی بووە هەموویان لە کاکەیی و گۆرانەکان بوون، جا دوور نیە کە بابا ئەردەڵانی پیری کاکەیی و گۆران بۆ ڕزگارکردنی هەرێمەکەی و دار و دەستەکەی لە چنگ تاتار و مەغۆل، لە سەرەتادا لە نێو زنجیرە چیاکانی قەرداغ و هەوراماندا شۆڕشی هەڵگیرساندبێ و هەرێمی شارەزووری لە مەغۆلەکان سەندوەتەوە. (ڕۆژبەیانی، 2005، 18-19)

هەرچی مستر"ڕیچ"یشە لە گەشتەکەیدا باسی گفتوگۆیەکی دەکات لەگەڵ مەحمود پاشای بابان دەربارەی فەرمانڕەوای (سنە)، مەحمود پاشا جەختی لەوە کردۆتەوە کە ئەردەڵانەکان لە بنەماڵە گەلێکی ڕەسەنن بەڵام گۆرانین گۆرانییەکانیش خێڵ نین، هەروەها باسی خۆیانی کردووە کە بابانەکان لە هۆزەکانی نەژاد(کرمانج)ن و لە ناوچەکانی پشدەرەوە هاتوون، بەڵام وشەی (بابان) وەك نازناوی بنەماڵەکەیان بەکاردێت (ڕیچ، 2008 ، 91).

شایەنی باسە ناو و چەمکی بابان مانایەکی فراوانتری وەرگرتووە لە سەردەمە جیاوازەکاندا، بەجۆرێك کە ئەم ناوە سەرجەم ناوچەی جوگرافیایی وتەنانەت ئەو هۆزانەش دەگرێتەوە کە بە (کرمانج) دەناسران، لەژێر سایەی حومکڕانی بابانیەکان بوون (بابان زادە،2021 ،52)، وبەهەموو ئەمانەش دەگوترا بابان . کە ئەمەش زیاتر لە گفتوگوی نێوان (ڕیچ) و مەحمود پاشا بابان ڕوون دەبێت"کە ڕیچ لەم بارەیەوە پێی وایە بابانیەکان لەگەڵ ئەردەلانیەکان جیاوازن لەڕووی هۆزایەتیەوە ئەردەلان زیاتر (گۆران)ن ، وهەروها بابان (کرمانج)ن هەروەك مەحمود باشا زیاتر ناسناوی بنەماڵەکەمانە(ڕیچ، 2008 ، 97،91).

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هەردوو میرنشینی ئەردەلان وبابان جیاوازیان هەیە لە خۆدانە پاڵ هۆزەکانی ژێر سایە ودەسەلاتیان بە جۆرێك، کە ئەردەڵانیەکان بە حوکمی ناوچە سنووری دەسەلاتیان زیاتر لە گۆرانیەکان نزیك بوون خۆیان بە گۆران زانیوە، بابانیەکانش بەهەمان شێوە خۆیان بە کرمانج زانیوە، بۆ پتەوکردنی پێگەی دەسەلاتیان هەوڵیان داوە لە پێگەی هۆزەکانی گۆران وکرمانج کەم بکەنەوە بۆ بەهێزبوونی خویان، بۆ نموونە کاتێك (مەحمود پاشا) بابان وەك ئاستێکی نزم لە گۆرانەکان دەڕوانی لە گفتوگوی لە گەڵ ڕیچ ، شیاوی باسە کە گۆرانەکان یان وشەی (گۆران) بە پێی هەندی سەرچاوە لە کۆمەڵگای بابانیدا زیاتر وەك چینێکی (مسکێن) یان وشەی گۆران ناشارستانیەت ناوی مسکێن بەکارهاتوو بەپێی ڕۆژگار گۆڕان بەسەر ئەو وشەی گۆران هاتووە و دواتر بوە بە مسکێن.( ی.ئی. ڤاسیلیەڤا،2009، 103):( خصباك، 1972، 202).

دەربارەی ڕەچەڵەکی بابان وەك توێژەر بۆچوونمان وایە بنەچەی بابانییەکان و ئەردەڵانیەکان لە یەکەوە نزیکن، پێدەچێت یەك ڕیشەیان هەبێت، بێگومان ئەم بۆچونەمان پشت بەستە بەو تێڕوانینانەی کە بۆ چەمکی بابان وبابا ئەردەڵان کراون، کە هەردووکیان لە سەردەمانی سەرەتا بەیەکەوە بەکارهاتوون، بابانیەکان لە دوای شەڕی چالدێران وەک کیانێکی سیاسی خاوەن هێز بە ڕوونی دەرکەوتن، سنووری بابانییەکان کەوتۆتە نێو قەڵەمڕەوی عوسمانیەکان، بەڵگەیەکی ترلەسەر ئەوەی کە بابانییەکان وئەردەڵانیەکان لە یەك نزیك (هەردووکیان لە بنەماڵەیەکی ئاینی بوون) بەڵام بە هۆکاری سیاسی لەیەك جودا بوون دابەش بوون بەسەر عوسمانییەکان وسەفەوییەکان، بۆیە نازناوی خان زۆرتر لە ئەردەڵانیەکاندا بەکاردەهات، ونازنانوی پاشا بۆ بابانییەکان بەکار هاتووە، ئەم بۆچونەش ماموستا مەلا جەمیل ڕۆژبەیانیش پشتڕاستی کردەوە. (ڕۆژبەیانی، 2005 ، 380).

بەهەر حاڵ ئاماژەکان هەموویان بەو ئاڕاستەیەن، کە چەمکی بابان لە سەرەتای دەرکەوتن ودروست بوونی هیچ پەیوەندی بە میرنشینەکەوە نەبووە، ئەم چەمکە تەنها لە چوارچێوەی بنەماڵەیەکی یان (خانەوادەیەك)ی زیاتر ئاینی بووە، بەڵام لەگەڵ ڕۆژگاردا گۆڕانکاری سیاسی لە ناوچەکەدا ڕویدا بە تایبەتی لە دوای دروست بوونی دەوڵەتی سەفەوی لە ئێران ودەرکەوتنی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی ئەم میرنشینە وەك هێزێکی سیاسی لە ناوچەکە ولە نێوان هەردوو دەوڵەت دەرکەوت. (البدليسي، 2001، 215).

**2.1 : سەرەتای دەرکەوتنی بابانییەکان وسنووری جوگرافیای (حکومرانیان) :**

دیاری کردنی ناوچەیەك یان کاتێك بۆ دامەزراندنی میرنشینی بابان زۆر ئەستەمە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە تاکە سەرچاوە، کە باسی دامەزراندنی بابانییەکانی کردووە کتێبی (شەرەفنامە)یە، ئەم کتێبە ئاماژەی بە هیچ شار وشارۆچکەیەك نەکردووە، کە بووبێتە یەکەم ناوەندی فەرمانڕەوایەتی بابان. ( بابان زادە، 2021، 54)

کەمی سەرچاوە لە سەر مێژووی ئەم ناوچەیە یەکێکە لە تایبەتمەندی مێژوویی کورد وکوردستان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، بەڵام ئەوەی روونە لە مێژووی میرنشینەکان ئەوەیە، کە زۆربەی میرنشینەکان لە سەرەتای دروستبوونیان وەك هێزێکی هۆزایەتی ناوخۆی بوون سنووری دەسەڵاتیان بە پێی فراوانبوونی هۆزەکانیان بووە. (هروتی،2012، 92)


هەندێکیش مێژووی دەرکەوتنی بابان (بابانییەکان) دەگێڕنەوە بۆ پێش سەدەی 8 کۆچی/14زاینی، چونکە باس لەوەکراوە، کە میرێکی بابانی بە ناوی (حمزە بابان) لەگەڵ تورکەکان شەڕی کردووە و سوپاکەی گەیشتۆتە حەلەب، بەڵام دواتر سوپاکەی تێکشکاوە وگەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی مەریوان. (تواردی، 1970، 4)

ئەوی ئەم بۆچونەش پشتڕاست دەکاتەوە سەرچاوەیەکی ئیسلامی سەدەکانی ناوەڕاستە کە لە کتێبی (النجوم الزاهرة) ابن تغری بردی (المتوفی 775 کۆچی ), کە کەسایەتییەك هاتووە بە ناوی (عومەری بابانی) کە لە مزگەوتی (قیدان) بووە، مێژووی ئەم باسە دەگەڕێتەوە بۆ 864ك\ 1460ز، ( ابن تعزی بردی، 1972،328):(تواردی، 1970، 14-15) شیکردنەوەی ناوی بابان لەم سەرچاوەیەدا وەك هۆزێەکی کوردی (طائفة کوردیة) ناسێنراوە کە خاوەن پلەو پایە بوون لە کوردستان. (ابن تعزی بردی، 1972، 328 ).

دەبێت ئەوەش بڵێین، کە بابان وەك ناوی مێژوویی کۆنە، بەڵگە شوێنەوارییە دۆزینەوەی ناوی بابان لە دەقێکی مێخی لە گردی شمشارە لە ناوچەی بیتوین، کە ئێستا دەکەوێتە ژێر دەریاچەی دووکانەوە، مێژووی ئەم تابلێتە دەگەڕێتە بۆ سەردەمی هەزارەی دووەمی پێش زاینی بۆ سەردەمی حوکمی شمش-ئەدەدی ئاشوری 1812-1787پ.ز لەم دەقەدا کەسێك بەناوی بابان هاتووە، بەڵام لێرەدا ناتوانین بڵێین ئەم پیاوە ڕەگ وڕیشەی بنەماڵەی بابان، بەڵکو وەك ناو دەتوانین بڵێین بابان ناوێکی کۆنە.(القرداغی، 2017، 24-25) ، بەڵام ئێمە وەك توێژەر پێمان وایە کە ناوی بابان لە رووی دەرکەوتنی لە سەردەمانی کۆندا و لەئێستادا و لە لە چەندین ناوچەی جیاوازی کوردی بێت یان نا، ناوی بابان بۆ ئەوە دهگەڕێتەوە کە ناوی بابان وەك فۆنەتیکێکی ئاسانی هەیە، لە سێ برگە پێکدێت دوویان دووبارە بوونە (با – با) و برگەی سێیەم پیتی (ن)، ئەم پێکهاتەیەی ناوی بە ئاسانی دروست دەبێت و بە زۆری بەکارهاتووە.

هۆکاری دەرنەکەوتنی بابانییەکان وەك هێزیەکی یان قەوارەیەکی سیاسی لە ناوچەکەدا لە بەر ئەوەی ناوچەی دەسەڵاتی بابانییەکان هیچ ئاوەدانییەکی وەك شار وقەڵا وسەنتەر ستراتیجی نەبووە (ئەمین ، 1998، 35) لە بەر ئەم هۆکارەش دەسەڵاتدارانی ناوچەکە هیچ گرنگییان نەداوە بە ناوچەی بابانییەکان، بەڵگە بۆ ئەم بۆچوونە بەڵگەنامەیەکی عوسمانییەکانە، کە مێژووەکەی بۆ (21-رەجەب 981ك/1573ز) دەگەڕێتەوە، ناوەڕۆکی ئەم بەڵگەنامەیە ئەوەیە، کە فەرمانڕەوایەکی بابانی باش لە ڕەوشی ناوچەیەکی خۆیان دەکات، کە هیچ ئاوەدانییەکی تێدا نییە، هۆکاری ئەم وێران بونە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هۆزەکانی ناوچەکە ڕێگیرن لە ئاوەدانکردنەوەی ( رؤوف, 2008، 102) یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی هۆزەکانی ژێر هەژموونی میرنشینی بابانی بریتی بوو لەوەی مەیلی شوانکارەیی و کۆچەریان هەبووە زۆربەیان شاریان بەجیدەهێشت لە وەرزی زستاندا، و لە دەشت و کێوەکاندا بڵاوەیان لێدەکرد، تایبەتمەندی ژیانی شوان کاریان وەرگرتبوون، (خصباك، 1972، 222) دەشێت لە ڕێگەی شرۆڤەی ئەو سەرچاوانەوە ئەوە بەدەست بێت بابان لە چوارچێوەی قەوارەیەکی سیاسی لە نیوەی دووەمی سەدەی (10ك/ 16ز)دا دەرکەوتووە، هۆکارێکی تر کە وایکردووە ناوچەکە دووربێت لە هەموو سیمایەکی شارستانی و ئاوەدانی، چونکە خێڵە کۆچەرە کوردەکان وایان دادەنا کە ئەو قەڵا و بینایانە دەبێتە جێگەی پیاوانی سوڵتان و حکومەت و کارئاسانی دەکات بۆ کۆکردنەوە باج وسەرانە، ئەوانیش زۆرکات لە پێدانی ئەو باجانە خۆیان لادەداو نەیاندەویست بیدەن، ئەم هەڵویستەی خێلەکان زۆر جار کێشەو نائارامی دروست کردووە(صالح،2021، 15):( رؤوف، 2008، 108)

بە گشتی سنووری میرنشینی بابان ناوچەی کفری سنووری باشوری ولاتەکەی بووە زەنگەنەو زەند وناوچەکانی چەمچەماڵ وسەنگاو وشوان وقەڵا سێوکەو هەموو ناوچەکانی پارێزگای سلێمانی تا ڕووباری سیروان، لای ڕۆژئاوا رووباری زێی بچووك سنوورێکی سروشتیی بابانییەکان بووە، کە لە رووبەری میرنشینی سۆران جیای دەکردەوە، هەرچی ناوچەی پشدەریشە، هەمیشە موڵکی بابان بووە و زۆر جار ناوچەکانی دەوربەریشیان بەیەك دەخست (ی.ئی. ڤاسیلیەڤا ،33،2009)، قەرە حەسەن و زەنگا بادو مەندەلی وبەدرەو جەسان وپردێ هەولێر کەوتوەتە ژێر حوکمی بابانەوە، لە هەندێ کاتدا شاری (سنە)ش لە چوارچێوەی سنووری بابان بووە،(خەزنەدار ،103،2014).




سەرچاوە: (احمد, 2022, 8).

**1.2 لایەنی کۆمەڵایەتی میرنشینی بابان:**

لایەنی کۆمەڵایەتی میرنشینی بابان هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆی نەبووە لە گەڵ میرنشینەکان دەورووبەری، (ویلیام ایغلتون، 2006، 19) ئەتوانین بڵێین میرنشینی بابان یەکێکە لە میرنشینە نموونەییەکان، کە لە بواری کۆمەڵایەتیدا ئاستێکی بەرزی هەبووە ئەویش لەبەر ئەوەی لە چوار چێوەی ئەم میرنشینەدا چەندین توێژ وچین وئاینی جیاواز بە تەبایی ژیاون.( رؤوف، 2012 ، 129)

دەوڵەتی عوسمانی چەندین جار بەزاراوەی (هۆزەکانی بابان) ناوی قەوارەی میرنشینی بابانی هێناوە، ئەمەش نیشانەی هاوکاری هۆزەکانە لەگەڵ میری بابان، بەیەك تیم بەرەنگاری نەیارەکانیان بوونەتەوە، میرانی بابان ئارەزوومەندانە گوێرایەڵی هۆزەکانی بۆ خۆی مسوگەر کردبوو (زەکی بك، 2006، 43) ، لە (شەرەفخان)ندا باس لو یەکێك لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی (میر بۆداق) بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە مامەڵەی ژن و ژنخوازی

کۆمەڵایەتی دەروستکردووە، و شێوازی پەیوەندی ئەم میرەی بابانە لەگەڵ هۆزەکانی دەوروبەری خۆشی هەر لەرێگای ژنخوازییەوە.(البدلیسی، 2001، 358)

زۆربەی فەرمانڕەواکانی کورد پێش سەدەی 10ك-16ز ریشەیان گەراندووەتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست ولە دەستەڵاتی هۆزێکەوە یان بنەماڵەیەکی دەستەڵاتدار یان بنەماڵەی ئاینی، جێگەی متمانەی هۆزەکانی دەوروبەری بێت گەشەیکردووە. بنەماڵەی بابانیش یەکێکە لەو بنەماڵە فەرمانڕەوایانەی لەسەرەتاوە لەسەر پێکهاتەیەکی لەو جۆرەوە گەشەیکردووە. (توفیق، 2021، 354).

سەرباری ئەمانەش دەتوانین بڵێین هەرچی لە ناوچەی فەرمانڕەوایەتی بابان بوو بێت چونەتە ژێر رکێفی میرانی بابان، بۆ نموون هەندێك هۆزی ئەفغانی کەرپیان لە ناوچەی شارەزوور کردبوو لە پاش کۆژرانی (ئازاد خانی) فەرمارڕەوایان یان هەندێ لە خێزانی ئەفشارەکان ونەتەوکانی دیکە وەك عەرەب و تورکمانییەکان کە لە پەیوندی پتەویان هەموو لەگەڵ بابانییەکان ( ریچ، 2012، 118)، تەنانەت بە ئازادی ژیاون ئەمش ئاستی پەیوەندی کۆمەڵایەتی میرنشینی بابان دەردەخات. بەشێکی گرنگی دانیشتوانی سنووری بابان کۆچەری بوون، (ریچ) لە سەردانیەکەیدا بۆ شاری سلێمانی لە ساڵی 1820 باس لە هۆزی جاف دەکات ودەڵێت: ئەوان هەموویان کۆچەری بوون ورەشماڵیان بەکار هێناوە.(باشا، 2009 ، 297) ( Ahmed, 2012, 52)

## 2.2 چین وتوێژەکانی کۆمەڵگای بابان:

لە رووری چینایەتی کۆمەڵایەتی سەرجەم چین و توێژەکانی بابانی بریتی بوون لە چەند چینێکی بە ژمارە بچووکی وەکو پیاوانی ئاینی وپیاوانی خانەقا و تەکیەکان لە سۆفی ودەرویشەکان، کە ئەمانە ریزلێگیراوبوون، لەگەڵ بوونی چینی فەرمانڕەوایان کە زۆربەی زۆریان لە خانەوادەی بابانییەکان بوون و دەسەڵات بەدەست بوون،( سۆیلی، 2018، 325) مێژوونووسانی سەدەی19 زاینی، کۆمەڵگەی کوردیان دابەش کردووەتە سەر دوو چین: یەکەم چینی تایبەت لە دەسەڵاتدارن (ئاغا) ودارو دەستەکەی، چینی دووەم لە جوتیار وکاسبکاری کورد، ئەم دابەشکارییە زیاتر بۆ سەدەکانی 15-19 بووە، بەڵام دواپی گۆرانکاری بەسەردا هاتووە.(بابان زادە، 2021، 364).

هەروەها هەندێ سەرچاوە باس لە کۆمەڵگای کوردی دەکات ودابەشی دەکات سەر سێ چین، چینی یەکەم: هەموو ئەو میرانی وپاشاکانی وئاغاکان وکاربەدەستانی میرنشینەکان، کە رۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە بەرێوبردنی میرنشینەکان، چینی دووەم: هۆزەکانی ژێردەستی دەسەڵاتی ئاغاکان، وەك هۆزی جاف وهەمەوند، چینی سێیەم: چینی پیاوانی ئاینی وشێخەکانی ناوچەکە، بۆ نمونە شێخەکانی بەرزنجە وشێخەکانی بەرزان. (Bois, 1966, 32)

لە سەردەمی بابانی چەندین ناو(چەمك)ی جیاواز بەکارهاتووە وەك (مسکێن)، مسکێن: زاراوەیەکی میلییە زیاتر بەرامبەر ئاغاوات بەکارهاتووە، لە (مسکێن)ی عەرەبی وەرگیراوە، کە مانای (هەژار) دێت، بەوانە دەوترێت رەعیەتی ئاغان، مافی مەدەنی وکۆمەڵایەتییان نییە، بە گیان وبێگانی ئەوان هی ئاغایە، بە ئارەزووی خۆی مامەڵەی پێوە کردوون ( ادموزس، 2012 ، 39). رایەکی تر هەیە کە باس لەوە دەکات کە وشەی (مسکێن)ی کوردی، هێچ پیوندێکی لەگەڵ وشەی (مسکێن)ی عەربی نیە. (طالبانی، 1976، 172)

مەسیحیەکان لە چەند جێگایەکی دیاریکراو هەبوون بەتایبەتی لە مەڵبەندی شارەکان لە سلێمانی لە ساڵی 182ز گەرەك وژمارەیەك ماڵی کریستیان هەبووە. (زاك، رێتورێ ،2008، 40)، رێشەی بوونی کریستیانەکان لە ناوچەی سلێمانی زۆر کۆنە، گەر بگەرێنەوە سەر ئەوەی پێش دامەزراندنی شاری سلێمانی لە دێ مەڵگەندی چەند خێزانیکی کریستیان ژیاون، کە ئەمە بەڵگەیە بەکێکە لە ونێشانانەی کە ئاینی مەسیحی بونی هەبووە لەم ناوچەیەدا. (قادر، 2020، 42)

جولەکەکان خاوەنی پێگەیەکی گرنگ بوونە لە سیستمی کۆمەڵگای بابانی، بە پێی بیرویۆچونی جووەکان، ئبراهیم پاشا کە لەساڵی 1784ز سلێمانی دامەزراند وتی" شارێك بەبێ بوونی جوولەکە تیایدا، بە شار دانانرێت ئەو بیروباوەڕە لە باپیرانەوە ماوەتەوە کە دەبێ باوەڕت بەوە هەبێت کە جوولەکە لە هەر کرێی دنیا هەبن، خودا رەحمەتی خۆی بەسەر ئەم شوێنەدا دەبارێنێت ".( زاکین، ،2015، 163.) بەم پێیە دامەزرێنەری شارەکە لێژنەیەکی میرییان نارده شاری قەرەداغ، کە ژمارەیەکی بەرچاوی جوولەکەی لێ بووە، وچەندین گوندی دەوروبەری سلێمانی بۆ زیادکردنی ژمارەی دانشتوانی جوولەکە لە سلێمانیدا. قەرەداغ یەکەم شوێن بوو کۆمەڵێك هاوڵاتی جوولەکەی بۆ شاری سلێمانی نارد، ئەم کۆچەی قەرەداغیەکان بۆ سلێمانی بەهۆی ئاگرکەوتنەوەیەکی گەورە بووە لە شارەکە کە زۆربەی شوێنەکانی ئەو شاری سوتاند.( زاکین، ،2015، 163.)

لە پاڵی کریستیانەکان وجولەکەکان وکاکەییەکان (ئەهلی حەق) لە چوار چێوەی میرنشینی بابان ژیاون ( Bois,, 1966, 97): ( توفیق ، 2017 ،193): (حصاف ،2009، 87 ) : (وهبی، 1973، 11 ). (ریچ) : دەڵێت ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی 2000خانووی موسوڵمان، بووە 130 خانووی جولەکە، 9 خانووی مەسیحی کلدان، 4 خانووی ئەرمەن لەگەڵ کاروان سەرا و5 حەمام، 1 کلێسا.(ریچ، 2012، 131)

ئەوەی بەدی دەکرێت لە کۆمەڵگەی بابانیدا سەرەرای بوونی ئەو بەربەستانەی وەکو نەبوونی پەیوەندی راستەوخۆ بە وڵاتانی ئەورووپاوە، گوشاری زۆری هەردوو دەوڵەتی عوسمانی وئێرانی لەسەر قەڵەمرەوە کوردییەکان، دابەشبوونی جەوهەرییانەی خاکی کوردستان بەسەر پێکهاتە خێڵییەکان و ئامادەیی هەردوو تەریقەتی قادری و نەقشبەندی وململانێکانیان، پابەندبوونی خێڵ و عەشیرەتە کوردییەکان بە سیستەمی تۆڵەکردنەوە و پشتبەستنیان بە پەیوەندیی خوێنی لە دەستنیشانکردنی(دۆست)و(دوژمن) و(خۆمانە)و(بێگانە) و زاڵبوونی رۆشنبیریی ئاینیی وچەندین هۆکاری تر، وایان کردبوو هەر هەنگاونانێك بۆ گۆڕین ودەستکاریکردنی پەیوەندییەکانی دەسەڵات و کۆمەڵگا. (سیوەیلی، 2018، 328)

## 1.3 لایەنی شارستانیەتی میرنشینی بابان:

بەرەوپێشچوون و گەشەکردنی باری زانستی و رۆشنبیری لە میرنشینی بابان لە هەردوو مەڵبەندی قەڵاچوالان وسلێمانیدا بەسەر دەسەڵات بوونی ئەدەب وزمانی ناوچەی سلێمانی لە کوردستان وەکو زمانی فەرمی ستاندار، بەهۆی ئەو پێشکەوتنە ئەدەبییەی سەردەمی میرایەتی بابان لە ناوچەی سلێمانیدیدا بوو، کە ئەوەش کۆمەڵێك هۆو فاکتەری بەهێز بوون بە یارمەتی ئەو پێشکەوتنە.(سالح، 2015، 68) وەك رۆڵی میرانی بابان لە پاڵپشتی رۆشنگەری لە کوردستان بەتایبەتی میرنشینی بابان هەرچەندە ئەم میرنشینە لە سەر بنەمایەکی هۆزایەتی وبنەماڵەیی دروستبوون، بەڵام فەرمانڕەواکان پاڵپشتییەکی بەرچاویان هەبوو لە گەشە کردنی لایەنی رۆشنبیری ( رؤوف، 2008، 14) ، ئەم پاڵپشتیانەی میرانی بابان بۆ زانست وزانیاری پاڵپشتێکی داراپی بۆ ئەو زاناو ورۆشنبیرانەیان دەدا، گرنگیان پێدەدا رێز وشایستەیان دەگردن لێیان نزیکدەبونەوە ( محمد، 2021، 18)

میرانی بابان بۆ پاڵپشتی سەنتەرە زانستەکانیان بۆ خزمەتی زانست وزانیاری وخوێندکارو وفێرخوازەکانیان چەندین موڵك وباخ وعەقاریان وەقف کردووە هەروەکو

ئەو بەڵگەنامەیەی کە وەقف نامەییەکی دەستنوسدا هاتووە لە بارەی مەدرەسە ومزگەوتێك کەلە هەڵەبجە ئاوەدان کراوەتەوە هەندێ زەوی زاریان وەقف کردووە لەسەریان بۆ ساڵی 1801ز دا. ( یوسف، 2002، 143)

بابانیەکان بەم جۆرە دەتوانین بڵێین خاوەنی رێژەییەکی زۆری قوتابخانە بوون کە پەربوون لە خوێندکاری بەتوانا، ناوچەیەکی خاوەن متمانە بە خۆ بوو لە وەرگرتنی زانست وزانیاری لە هەموو بوارەکاندا بەتایبەتی لە بواری ئاینی ورۆشنبیر ئیسلامیدا (القزلجی،1938، 5). هەنگاوی گواستەوەی پایتەخت لە قەڵاچوالان بۆ سلێمانی دەتوانین بڵێین جۆری بوو لە پێشکەوتنی رۆشنبیری وشارستانیەتی بۆ میرنشینەکە بە تایبەتی لە لایەنی خوێندن، ئەگەر ململانێ صەفوی وعوسمانی نەبوایە زیاترپێشکەوتنی بە خویەوە دەبینی (کریم، 1983، 48)

هۆکارێکی تری گەشانەوەی زانست لەم میرنشینەدا ئەوە بوو میرانی بابان هەموو کاتێ لە هەوڵی ئەوەدا بوون زاناو وشارەزایانی کورد لە شارەکانیاندا کۆ بکەنەوە، میرەکانی بابان لە سەر ئاستی کوردستان هەر مامۆستایەك یان مەلایەك زاناو وبەتوانا بووایە بانگەشەی سلێمانییان قەلاچوالانیان کردوە، لەو شارانەدا مزگەوت وخوێندنگای وژیانی باشیان بۆ دابینکردوون وهاوکارییان کردون (یوسف، 1985 13)

هەر لە خۆرا نیە سەدان زانای گەورە وەك مەلا محەمەدی غەزایی ومەلا عەلی قزڵجەیی وبەرزەنجییەکان ومەردۆخیەکان ونۆدییەکان ودەیان وسەدانی تر لەو شارەدا کۆبوونەتەوە ودەرسیان وتوەتەوە سەدان زانای گەورەیان پێگەیاندووە وئەوانیش دوای تەواوکردنی خوێندن ولادێ شارۆچکەو شارەکانی تری کوردستانیان بە زانست ئاوەدان کردووەتەوە (خاڵ، بێ ساڵ، 12-13) : (ساڵح، 2015، 17).

ئەوی کە بە ڕونی بەدی دەکرێت ئەویە کە میرنشینی بابان لە بواری زانست ومەعرفەدا لە ئاستێیەکی زۆر باشدا بوون، ئەوش بە بەڵگەی بوونی چەندین کتێبخانی زۆر نایاب لە پایتەختەکانی وەك قەڵاچوالان وسلێمانی ( بابان,2012, 162).

شوێن دەستی میرانی بابان لە بواری ئەدەبی کوردیدا بە ڕۆنی دەرکەوت، ئەم زمانە ئەدەبییە کوردییە، کە بووەتە زمانی نووسینی وکاروباری فەرمی کوردستان، هەر لە رۆژانی پەیدابوونی ئەم میرنشینەوە شێوەی خوارووی زمانی کوردی بووە زمانی فەرمی میرنشینەکە، بۆ یەکەم جار شاعیرانی کوردی لە کوردستانی خواوودا بە زاراوەی ئەم ناوچەیە هەڵبەستی نیشتمانیان بەسەر گەلی کورد وتێکۆشانی میرنشینی بابان وئامانجەکانیدا هەڵداوە (قەفتان، 1985، 21).

کاریگەری شوێنی جوگرافی میرنشینی بابان لەلای رۆژهەڵاتیەوە هاوسنوورە بووە لەگەڵ دەوڵەتی ئیرانی ولەلای خوارەوویەوە هاوسنوورە بو لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی بە پەیوەندی بازرگانی سلێمانی -کرمانشان وسلێمانی –بەغداد، پەیوندی میرەکانی بابان فەرمانڕەوایانی ئێرانی لە کرماشان وتەوریز ودەرباری شا لە تاران ولە لایەکی ترەوە لەگەڵ وەزیری بەغدا وبابی عالی لە ئەستەمۆل، ریگەی پەیوەندی فەرهەنگی هەردولاوە بە روی ناوچەکەدا کردۆتە. ( ئەمین، 2012، 444)

لە سەردەمی بابانەکاندا فێربوونی زمانی فارسی ئەرکێکی پێوست بووە بۆ هەر خوێندەوار کاربەدەستانی ئەو سەردەمە، چونگە زمانی فارسی هەروەکزمانی فەرمی دەوڵەتی ئێرانی بووەو زمانی فەرمی میرایەتی بابان وئەردەڵان بوە وزمانی نامەو نامەکاری بووە. (العزاوی، 2000، 234)

لە دوای بنیانانی سلێمانی ودەرکەوتنی شاعیرانی وەك نالی وسالم وکوردی کە دادەنرێن بە سێ کۆچکەی بابان وپاش ئەوانیش مەحوی ودەرکەوتنی شیعرەکانیان بە زمانی کوردی، ئیتر نووسەرانی دوای ئەوان هەموو شیعر وئەدەبیاتێکیان بە کرمانجی ناوەڕاست سلێمانی ئەنووسی کە دیسان بابان بوونە قوتابخانەیەك بۆ ئەو بابەتە ( میکائیل، 64،2021-65):( سوارە، 2019، 593)، بۆ نمونە نالی لە پاچە هۆنراوەیەك دەڵێت:

*کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە*
*هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تاڵیبی مەعنادەکا*

( میکائیل، 107،2021)

میرانی بابان گرنگیەکی زۆریان داوە بە خاوەن پیشەوەرەکان وسنەعەتکارەکانی، چەندین پیشەو ئەوکەسانەشی کە کاری دەستی دەکەن لە شاری سلێمانی دەرکەوتن بۆ نموونە ئەو تفەنگانەی لە کوردستاندا لە کورەداو بەدەستی وەستای کوردی بە لوولەو هەموو پارچەو پێداویستیەکی دیکەوە، درورستەکران، دوو جۆر بوو یەکەمیان کە کۆنترینیانە، چەخماخدار بوو، لە ناوچەی سلێمانی بە(تفەنگی شینکە)ناسراو بوو (یوسف، 2004، 11) بۆ نمونە وەستا حوسێن کە بەناوە بانگ بوو بە (حسکەی جخماساز)، ئەم وەستا توانای هەبوو تفەنگ (بنادق) دروستبەکات ئەم جۆرە تفەنگەش هەر بە ناوی خۆی ناسراو بوو(Bois, 1966,28-29 ) بۆیە لە کۆتایەکانی سەدەی20 نزیکەی 50 چەخماخسازی تێدایە، تفەنگی مارتینی کورت دروستدەکەن.( احمد، و واژەیی، 2022، 155):

گەرماویان دروستکرد وتەندروستی وجەستە و پاك و خاوێن بوونە شوێنی گرنگییپێدان. ئەمەش بروابوون بە دەرمانی پزیشکیی هێنایە ئاراوە وە چوونە زیارەتگاکانی پیر وشێخ ومەرقەدی تا رادەیەکی کەم بەهنەوە، سەرباری ئەمانەش چەنیدن . بازاریان هەبووە، بەرهەمەکانیان تێدا ساغ کردۆتەوە، ودەیانزانی چۆن بەروبومی وەڵاتەکە کۆبکەنەوە ولە بواری بازرگانیدا سوودی لێوەربگرن. شاریان دروستکرد، ئیدارەیان دروستکرد بۆ بەرێوەبردنی کاروباری دانیشتوان، تا ئەو رادەیەی بەباشی ئاسایشیان خستەرێ وچەتەگەری وراووروتیان بنەبر کرد. سەربازگەیان پێکهێنا ولە نەخشەکێشان وهێڵکاریدا کارامێیان هەبوو، میرانی بابان پرسیاریان لە بارەی دۆزینەوەی ئەمریکاوە دەکرد ودەیانویست بزانن لە ئەوروپا، چین وروسیا چۆن حوکم دەکرێت ویەکەمین رەخنەکانیان لە سیاسەتی داگیرکاری بەریتانیا لە هیندستان گرت. ( سیوەیلی، 2018، 362).

ئاشنابوونی میرانی بابان بە ژیانی تەکنەلۆژیای گواستنەوەی ئاسمانی، کە ئەمش رەنگدانەوەی خولیا مۆدێرنەکانێتی، پرسیارکردنی عوسمان بەگ لەسەر (باڵونی هەوایی) وەك ئامیرازێکی فڕین وگواستنەوە. ئەم جۆرە لە پرسیار ئەوە ئەسلمێنی کە میرانی بابان هۆشیارییەکی مێژوویی هەیە بەرامبەر تەکنەلۆژیای مۆدێرن ودەستکەوتەکانی، کە ئەوەش ئاشکرای دەکات بابانییەکان لە هەمان کاتدا، کە لە دنیای لۆکاڵیدا قوول دەبوونەوە وکۆمەڵگای خۆیان باش دەناسی، وەك ئەوەی پاشان لە لای جەیمس فریزەر دەبینرێتەوە، کە دینایەی پرسیاری لێ کرد بوو دەرباری ئەوروپا و روسیا هەندستان و ئەمریکا، لە زانستی ئەستێرەناسدا میرانی بابان لە ئاستێکی زۆر باشدا بوون، تاڕادەیەکی باش ئاگادای نوێگەریەکانی ئەم زانستەبوون. (فریزر،1964، 31).

سەرباری ئەوی کە کۆشك و ناسناوی خەڵکانی فەرمانبەری کۆشکی بابانییەکان هاوشێوەی کۆشکی عوسمانیەکان وکۆشکی بەغدا بووە، بۆ نموونە بوونی یاریدەدەری میری بابان لە کاروباری فەرمانڕوایەتیدا(سەۆرك وەزیرانی پاشای سلێمانی بوو)، کە نازناوی مەسرفی هەبوو( موستەشاری خەزینە)، لەگەڵ بوونی فەرمانبەری دیکە بە ناوی ( سیلاحدار )، ئەرکەکانی سیلاحدار بەرپرسی نوسینگەی میر بوە، کە هەموو ئەوەی دەچووە لای میر ولەلای ئەمەوە دەردەچوو بەدەستی ئەمەوە بوو، هەروەها (ئیسك ئاغاسی) (بەرپرسیاری رێورەسمەکان)و میر ئاخوریش لە پلە بەرزەکانی کۆشکی میری بابان بووە، بو کاروباری دیپلۆماسیش بوە، مونەجیم-باشی

(ئەستێرەناسی) بەشێوەی کۆشکی عوسمانی، کە لەوێ ئەمە یەکێك لە پایەدارنی بەروی کۆشك بوو، لە کۆشکی میری بابانیشدا هەروها بوو، لە ئەرکەکانی مونەجیم-باشی، بۆنموونە، ئەوەبوو کە ڕۆژ و تەنانەت ساتی دەست پێکردنی کارێك یان بەڕێ کەوتن دیاری بکات. لە ساتێکی بەختەوەری وادا . (ی.ئی. ڤاسیلیەڤا، 2009، 157)


### 1.4 : شارسازی بابانی و تایبەتمەندی شار :

هەر وەکو لە سەرەتادا باسی ئاستی شارستانیەتی میرنشینی بابانمان کرد، ئاماژەیەکی روون بوو بۆ ئەوەی کە شاری بابانی بە هەمان شێواز لە ئاستێکی باشدا بووە، سەرەرای ئەوەی تایبەتمەندی شارستانیەتی بابانی لە رووی بیناسازیی و دەرکەوتنی تەلار و باڵەخانەی زۆر جوان و نایاب نەبوو، ئەمەش هۆکاری نزم بوونی ئاستی رۆشنبیری و یان نزم بوونی ئاستی لێهاتوویی تەلارسازەکانی ئەم سەردەمە نەبوو بەڵکو هۆکاری سیاسی کە هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی ئەم میرنشینەبووە کە کەوتبووە نێوان دوو جەمسەری دژ یەکی ناوچەکە ئەویش جەمسەری عوسمانیەکان و جەمسەری ئێرانییەکان کە هەردەم لە ناکۆکییەکی بەردەوامدا بوون لە دەرئەنجامدا ناکۆکییەك لە ناوچەکە درووست بوو بو، بۆیە هەموو کاتی میرانی بابان سکاڵایان دەردەبڕی سەبارەت بە گوزەرانی میرنشینەکەیان و ئەو گیروگرفتانەی کە میرنشینەکەیان بەدەست ئەوەوە دەیکێشا کە کەوتۆتە سەر سنووری دوو دەسەڵاتی دژ یەك، (ریچ، 2012، 89) دەرئەنجامی ئەم نائارامییە بەرقەرار بوونی ئابورییەکی لاواز لەم ناوچەیەدا کە بە فاکتەرێکی گرنگ هەژمار دەکرێت بۆ گەشە نەکردنی شار و شارۆچکەکان، بەڵگەش بۆ ئەم باسە گفتووگۆ نێوان ریچ و مەحمود باشا باسی وەدەڵێت "خوالێخوشبووی باوکم ئەم ژوورەی دروستکردووە، بەڵام پێویستی بە دەست پێداهێنانەوەیەك هەیە، پاشان لەسەر قسەکەی رۆیشت و وتی: کێ جێگایەك چاك دەکاتەوە، ئەگەر بزانێت تیایدا ناحەسێتەوە؟ هاکا تورکەکان، یان ئێرانییەکان، چەند رۆژێکی تر وێرانی دەکەرنەوە". (ریچ، 2012، 92)

میرانی بابان زۆر بەجوانی لە پێگەی شار و پێکهاتەی وتیۆری شار تێگەیشتبوون، بۆیە لە زۆربەی شاری بابانیدا دانیشتوانی هەمەجۆر بەدیی دەکرا لە رووی ئاینی و نەتەوەییەوە، ئەم جیاوازییە فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ بەرەو پێش چوونی هەر شارێك هەیە، هەروەك یەکی لە تیورەکانی شار جەخت لە سەر هەمەجۆری نەتەوەو ئاینی جیاواز دەکات، بۆیە زۆر بە روونی کە ئایین نەتەوەی تر دەبینی بیجگە لە کورد و ئیسلام لە شارەکانی سلێمانی قەڵاجوالان و هەڵەبجە وپێنجوێن و کفری قەرەداخ، بەئاسوودەیی دەژیان و هەموو دابونەریەتی خۆیان بە ئازادی پەیرەو دەکرد، بۆ نموونە لە زۆربەی شارەکان جو و کرستیان و ئەهلی حەق هەبوون، بەتایبەتی لە سلێمانی کاکەییەکان وەکو چەن بنەماڵەیەکی رەسەن دەرکەوتن.( خان دەلۆ، 2020، 126) (کوردە،157،2019):

یەکێ لە بنەما سەرەکییەکانی دابەش بوونی جوگرافیای دانیشتوانی شاری بابانی کە بە روونی لە زۆربەی شارەکانی ئەم میرنشینەدا بە دی دەکرێت ئەویش دابەش بوونێکە لە سەر بنەمای (خۆێن، هوزاییەتی، خێلایەتی، و خزمایەتی)بوو، بۆ نموونە لە قەڵاچواڵان بوونی گەرەکێك بە ناوی دەرگەزێن بە پێی سەرچاوەکان دانیشتوانی ئەم گەرەکە هەموویان لە هەمەدان یان سنەوە هاتوون بەهۆی خزمایەتییەوە هەموویان لەم گەرەکە نیشتەجێبوون، بەهەمان شێوە گەرەکێك لە سلێمانی دروستبوو بەناوی دەرگەزێن بە هەمان تایبەتمەندی، بۆ نمونە وێنەی ژمارە (1)وێنەی

**وێنەی ژمارە (1)**




Qalachwalan شاری سلیمانی

**سەرچاوەی وێنەی قەڵاچوالان: د. مصطفی احمد، 2023.**

لەگەڵ بوونی گەرەکێك بە ناوی گەرەکی بابانییەکان لە قەڵاچواڵان کە دانیشتوانی ئەم گەرەکە لە بنەماڵەی بابان بوون، ( یوسف، 2012، 6) بەهەمان شێوە بۆ کەمە ئاینییەکان ئەم دابەش بوونە پەیرەو کرابوو بۆ نموونە جولەکەکان گەرەکێکی تایبەت بە خۆیان هەبوو، لەسەرەتادا شار دروستکرا هەموو گەرەکەکانی ئاوێتەی یەکتر نەبوون، گەرەکی جولەکەکان ولقی گەرەکی مەسیحیەکان لە کەناری شار بوون لە گەڵ گەرەکی ئیسلامییەکان تێکەڵ نەبوون بەهەمان شێوە سابونکەرانیش تاکو چاڵەکان لە کەناری شارەکە بوون.( خان دەلۆ، 2020، 87): (مامۆستا جەعفەر،2006، 96) ، ئەم فاکتەرە تاکو ئێستا کاریگەیەکی رِوونی هەیە لە سەر دابەش بوونی جوگرافیای شارەکان،

پلانسازی شاری بابانی چەند تایبەتمەندیەکی هەیە کە لە زۆربەی شارەکانی میرنشینی باباندا دەردەکەوێت بە شێوازێکی گشتی شاری بابانی بە شاری ناوەند دادەنرێت، مەبەست لە شاری ناوەند ئەوەیە هەموو پێکهاتە گرنگەکانی شار وەك مزگەوت بازار (دارالمولك) لە ناوەراستی شاردا دروستدەکران (ناوجەرگەی شار)دروست دەکران، بۆیە مزگەوتی گەورە لە زۆربەی شارەکانی میرنشینی بابان بوونیان هەیە، وەکومزگەوتی گەورەی(سلێمانی، کفری، قەڵاچۆالان، هەڵەبجە)، بۆ نمونە وێنەی ژمارە (2) ئەم تایبەتمەندیە لە دابەش بوونی جوگرافیایی تەلار سازی لە تایبەتمەندیە سەرەکییەکانی شارستانیەتی مێسۆپۆتامیا ، بەگشتی لەیەك چوونیەکی زۆر روون هەیە لە پلان سازی شارەکانی باکور و باشوری مێسۆپۆتامیا هەیە لەگەڵ شارەکانی میرنشینی بابان.

**وێنەی ژمارە (2)**

**شاری سلێمانی ساڵی 1927ز**




**سەرچاوە: بەرێوبەرایەتی تۆماری خانوبەرەی سلێمانی یەك.**

لەیەك چوونی کی تر کە لە هەندی شاری بابانیدا دەبینریت وەك شاری سلێمانی و ماوەت و قەلاچولان و دارەشمانە کە ئەمانە بۆ ماوەیەکی وە پایتەختی میرنشینکە بوون، ئەوش لە رووی تۆبگرافی ناوچەکە ، تایبەتمەندی شوێنی ئەم شارانە شاخاوین بۆ نموونە شاری سلێمانی لە دامێنی شاخی ئەزمرە و قەلاچوالان لە سەر لێواری چەمی قەلاچوالانە جیی سەرەکی شارەکە تەخت ونزمەی لەنیو گردەکاندایە بە تەواوی شاخ دەورەی داوە، ( یوسف، 2002، 5) بە هەمان شێوە بۆ دارشەمانەش کاتێك کە کرایە بە پایتەخت لە هەموو گوندەکان دیکە پتر سەرنجی میری راکێشا کە بیکاتە بە مەلبەندی و پایتەختی فەرمانی رەوایی ، ئەوش بە هۆی هەلکەوتی جوگرافی (تۆپۆگرافیە)، چونکە شوێنی توبگرافی گوندی دارشمانە کەوتونەتە بناری چەند کێۆیکی بەرزو سەرکەش،(فیدا، 1987، 34) لە ئیستادا دارەشمانە سەر بە ناچیەی (هەلشۆ) قەزای قەلادزی، بەدووری 13کم کەوتۆتە رۆژهەلاتی شاری قەلادزی و لە دامێنی لوتکەی بەرزی شاخی (کێلێن)دایە بەرزی چیا و باخ و ئەرز و ئاخی بەپیت و لوتکەی بەرزی چیا سەرکەشەکانی ئەو ناوە گونجاوبووە بۆ ئاگاداری جم و جۆلی سەربازی هەردوو دیوی باشور و رۆژهەلاتی کوردستان کە ئەو هێلی سنوری نێوان سەفەوی و عوسمانی بووە (قەندۆلی، 2018، 68)

بی گۆمان ئەم لێکچونە لەسەر بنەمای پتەوە دروستبۆ ئەوەیە کە میرانی بابان دێدیکی زۆر باشیان هەبوە لە رووی سەربازیەوە بۆ هەموو کاتی رەچاوی ئەویان کردوە پشتوانی شاخ و کێوی و دۆل باشترین فاکتەرن بۆ بەرگریکردن لە شارەکان.

بەشیوازیەکی گشتی لە زۆربەی شارەکانی میرنیشنی بابانی کەرەسەی بیناسازی لە یەك چونە، بۆ نموونە خشتی گلی سوورەوەنەکراو وقور وقسل وگەچ وکۆلەکە (پایە) وداری چنار یاخود بەروو بۆ دارەراو گەلاو زەل وقامیش ونیرگەو بەردی رێك وتەلە بەردو تەختەبوون لە بیناسازی شارەکاندا بەکار هاتوون،( خان دەلۆ، 2020، 82) : ( صابر، 2008، 21)، لەگەل دەرکەوتنی هەندی کاریگەری ناوچەیی لە سەر کەرەسەکان بۆ نموونە دەرکەوتنی بەردی مەلکەندی لە شاری سلێمانی وبەکار هێنانی بە رێژەیەکی زۆر، ئەوس بە هوکاری بوونی کانە بەردی لەم جۆرە دامێنی شاخی گویزە بوو(دارتاش، 1999، 42) : ( رەشە، بێ ساڵ ، 15) ، بە واتایەکی تر دروستکردنی خانوو پەیوەست بووە بە شێوازی گوزەرانی خەلکی ناوچەکە و هەروەها ئەو کەرستانەی کە لە بیناسازییدا بەکار هاتوون. ( خان دەلۆ، 2020، 82)

## دەرئەنجام

- سەرباری ئەوەی کە میرنشینی بابانی لە سەدەی 15ز دەرکەوت وەك قەوارەیەکی سیاسی کە پێگەیەکی دیاری هەبوو، بەلام میرانی بابان زۆر زۆر پێش ئەو مێژووە دەرکەوتوون وەکو قەوارەیەکی هۆزایەتی و خێلایەتی بو لە ناوچەکەدا، بە هۆی ئەوەی میرانی بابان خاوەنی پێگەیەکی بەهێز بوونە ئەوش بە حوکمی ئاین بون ، بابانییەکان هەموو کاتی پشتگیری پیاوانی ئاینیی کردوە، مزگەوت و خانەقایان بۆ دروست کردوون و چەندین باخ و زەوی زاریان بۆ وەقف کردوون. بە درێژایی مێژوو ئاین فاکتەریەکی بەهێز بوە بۆ رابەرایەتی کردنێ هەر کۆمەلگایەك .
- میرانی بابان لە سەردەمی حوکمڕانی خۆیاندا چەندین شار و دێیان کردوە بە سەنتەری ناوەندی میرنشینەکەیان هۆکاری سەرەکی لەم گۆرانکاریدا سەربازی بوە ، لەگەل ئەوشدا هۆکاری سیاسی بوە، میرانی بابان بەم گۆرانکاریە هەست و سۆزی دانیشتوانی ناوچەکەیان بۆ لای خۆیان راکێشاوە.
- میرانی بابان لە زانستی پلانسازی شار زۆر شارەزا ولێهاتوو بوون، نموونەی هەردوو شێوازی پلانسازی شاری مێزۆپۆتامیایان بە روونی پەیرەو کردبوو، شاری سلێمانی خاوەنی پلانسازی تیشکی بوو، کە هەموو یەکەکانی شار لە ناوەندی شار کۆکرابوون، پلانسازی شاری قەلاچوالان کە لە سەر رووبار بوو خاوەنی پلانسازی درێژکانە بوو زۆربەی یەکەکانی شار لە سەر کەناری رووبارەکە کە لە سەر گردەکان کرابوون. سەرباری ئەوەی مێژووی ئەم میرنشینە زۆر سەقام گیر نەبوو بەلام میرانی بابان بەهیچ جۆرێك بایەخیان نەدا بوو بە دروستکردنی شورا و قایمکاری سەربازی لە شارەکاندا، ئەمش بە هۆی ئەوەی میرانی بابان سوودیان لە قایم کاری سروشتی وەرگرتبوو، بۆ نموونە شاری سلێمانی و قەلاچوالان خاوەنی چەندین شاخن کە وەك قایمکاری وا بوو بۆ شارەکان.
- میرنشینی بابانی رووڵیکی دیاری هەبوو لە رووی سیاسی لە ناوچەکەدا تەنانەت بەسەر والی بەغەدادیشدا، لە رووی رۆشنبیریش میرانی بابان خزمەتیەکی گەورەی زانست و مەعریفیان کردوە، بەتایبەتی لەرووی ئەدەبەوە. سەرباری ئەوەی سنووری میرنشینی بابان لە رووی بیناسازیەوە زۆر لاواز بوو، ئەوش بە هۆکاری سیاسی بوە نا لە بەر لاوازی لایەنی فەرهەنگی میرانی بابان

## لیستی سەرچاوە

### سەرچاوەی زمانی کوردي:


احمد، بژار عثمان، واژەیی، دلشاد عەزیز مارف(2022). شاربازێر لە ئەرشیفی عوسمانیدا( 1914-1851)، المجلة العلمیة لجامعة جیهان- السلیمانیةو، المجلد 2 – العدد 3، سلیمانی

احمد, محمدي هادي (2022), جیاوازي شوێنجێگەی پیسبوونی ژاوەژاو لە شاری سلێمانیدا، نامەی ماستەر بلاونەکراو،زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان، بەشی جوگرافیا .

بابان زادە، کامەران جەمال (2021). میرنشینی بابان ، چاپی یەکەم ،چاپخانە ناوەندی رێنوێن، سلێمانی.

بابان زادە، کامەران کمال( 2012). دامەزراندی چەند میرنشینیکی کورد لە هەردوو سەردەی (8و9ك – 14-15ز) دا، چاپخانی حاجی هاشم، هەولێر.

بابان, جەمال( 1987). نەخشەی شاری سلێمانی لە سەردەمی بابانەکاندا لەگەل ناوی حاکم وموتەسەریفەکان، گۆڤاری کۆری زانیاری عیراق دەستەی کوردی، بەرگی 16-17، بەغداد.

بابان، جمال(2012). سلێمانی شارە گەشاوەکەم، بەرگی چوارەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ ئاراس، اربیل .

تواردی، عبدالصمد، (1099هـ\ 1688ز),(1970). چمکیکی مێژووی مەریوان هەورامان, وەرگیران، محمد مەلا کریم، ، بەغداد.

توفیق، قەفتان(1969). مێژووی حوکمرانی بابان لە قەلاچوالان، چاپخانەی سلیمان الاعظمی، بەغدا.

توفیق، زرار صدیق( 2017).کاکەئی-ئەهلی هەق لە سەرهەلدانەوە تا سولتان سەهاك، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە 39، هەولێر ، )193-240(

خەزنەدار، عەلی، (2014) میرنشینی بابان، چاپی دووەم، چاپخانەی کاروخ .

خاندەلۆ، حسێن ئیسماعیل( 2022). ژیانی کۆمەلایەتی لیوای سلێمانی لە نێوان سالانی 1921-1958، چاپی یەکەم، سلێمانی.

دارتاش، عەباس( 1999). سلێمانی لە بیرەوەریەکاندا، چاپی یەکەم، سلێمانی،

رۆژبەیانی، مەلا جەمیل(2005). ولاتەکەت باشتر بناسە، چاپی یەکەم، بلاوکراوەی ئاراس، هەولیر .

ریچ، کلودیوس جەیمس(2012). گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان 1820، وەرگێرانی محەمەد حەمە باقی، چاپی چوارەم، چاپخانەی خانی، هەولیر.

ڕەشە، ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی( بێ ساڵ و شوێن). شاری سلێمانی، بەرگی دووەم.

زاك، ڕێتوری( 2008). گەشتنامەی مسیۆنێرێك بۆ ناوچەکانی کەرکوك وسلێمانی لە ساڵی 1878ز، وەرگێرانی نەجاتی عەبدوڵڵا، بنکەی ژین، سلێمانی .

زاکین، مۆردیخان (2015). جولەکەکانی کوردستان، وەرگێران، سیروان حسێن بیەتی، چاپی یەکەم، هەولێر.

زەکی بەگ، محەمەد ئەمین(2006). تەئریخی سلێمانی وە وەڵاتی، چاپی دووەم، بنکەی ژین، سلێمانی.

ساڵح، ئاراس محمد (2015). هۆیەکانی گەشەکردنی بزاڤی رۆشنبیری لە شاری سلیمانیدا، چاپی یەکەم، ، سلێمانی .

سندجی، میرزا سکرالله ( 2006 ). (فجر الكتاب) هۆز وتیرە وتایفەی کورد لە کوردستان ئەردلان، بنکەی ژین، سلێمانی .

سیوەیلی، ڕێبوار(2018). کورد وسەرسامیی بە مۆدێرنێتە (فەرمانڕەوایانی بابان) بە نموونە، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە 40، هەولێر.

سوارە، ئاسۆ عومەر ( 2020). سلێمانی و خاکی، چاپی دووەم، سلێمانی .

طالبانی، مکرم (1976). لە بارەی بنج وبنەوانی وشەی مسکینەوە لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری کۆری زانیاری کوردی، بەرگی4، بەغداد.

صابر ،عبدالخالق( 2008).شەجەرەی بنەماڵە دێرینەکانی سلێمانی ، چاپی یەکەم ، سلێمانی .

فیدا، محمد(1987). فقێ ئەحمەدی دارەشمانە، چاپی یەکەم، مطبوعات الامانه العامه للثقافه والشباب، بەغدا.

قادر، شاهۆ عوسمان سەید ( 2020). سلێمانی لە کۆتایی بابانەوە بۆ سەرەتای ڕاپەڕین/ ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، چاپ سارا، سلێمانی.

القرداغی، د.رافده عبد الله عبدالصمد (2017 ). ناوی بابان، گۆڤاری بابان، ژمارە23، سلێمانی.

قەفتان، د. کاوس( 1985 ). چەند لێکۆڵینەوەیەك لە مێژووی بابان سۆران بۆتان، چاپخانەی الحوادث، بەغدا.

کریم، غفور میرزا ( 1983). شکارنەیەك لە ناو هەربزەجاری میزووی شاری سلێمانی، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژ مارە 100 .

کوردە، بارزانی ئەحمەد (2019). کورتەیەکی مێژووی جولەکەکانی کوردستان، چاپی یەکەم، سلێمانی .

ماموستا جەعفەر( 2006). شاری سلێمانی ماملانێی گروپە کۆمەڵایەتییەکان (1820-1920)، بنکەی ژین، سلیمانی.

محمد، بەهمن ساڵح(2021). پایەی زانستی و رۆشنبیری میرەکانی بابان لە بەرهەمەکانی دکتور عماد عبد السلام، کۆڤاری بابان، ژمارە 28، سلێمانی .

محەمەد، د.ئاکۆ بورهان، میرنشینی بابان، گۆڤاری مێژوو، ژمارە 6، هەولێر) 47-77.(

مکایەلی، مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیس ( 2021). دیوان نالی، لێکوڵینەو ولێکدانەوەی مەلا عەبدولکریمی مودەریسو فاتیح عەبدولکەریم، چاپی یازدەیەم، انتشاراتیکوردستان، سنە.

حوزنی ،حوسێن ( 2007). سەرجەمی بەرهەمی، بەرگی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

ی.ئی. ڤاسیلیەڤا(2009). کوردستانی خوارووی ڕۆژهەڵات، وەرگێران ،رەشاد میران ، چاپی دووەم ،بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

یوسف، عبد الرقیب (1985). بانگەوازێك بۆ ڕووناکبیرانی کورد، چاپخانی کامەرانی، سلێمانی.

یوسف ،عبدالرقیب (2002). قەڵا چوالان پایتەختی میرنشینی بابان، گوڤاری هەزار مێرد، ژمارە 21، سلێمانی، )44-5.(

یوسف ،عبدالرقیب (2003). عیسا بەگی بابان ئاواکاری مزگەوت، هەزارمێرد، ژمارە23، سلێمانی، لاپەرە)143-163.(

یوسف، عەبدولرقیب (2004). پەیدابوون ودروستکردنی چەك ئاگردار لە کوردستان، بنکەی ژین، سلێمانی.

ئەمین، نەوسیروان مستەفا ( 1998). میرایەتی بابان لە نێوان بەرداش رۆم وعەجەمدا، چاپی دووەم، چاپەمەنی خاك سلێمانی.

ئەمین، نەوشیروان مستەفا (2012). بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، کتێبی یەکەم، چاپی یەکەم، الدار العربیە للعلوم ناشرون، بیروت.

## سەرچاوەی زمانی ئینگلیزی :

Ahamd, Kozad Mohammed (2012(. The Beginnings of Ancient Kurdistan (c.250-1500 BC), a Historical and Cultural Synthesis. Unpublished, PH.D. Dissertation, Leiden.

Bois, Thomas (1966). THE KURDS, KHAYATS, Beirut.

## سەرچاوەکان به زمانی عەرەبی:

ابن تعزى بردى (874هـ/ 1469) (1972). النجوم الظاهرة فى ملوك مصروالقاهرة، جزء 16، ترجمة، جمال الدين الشيال، القاهرة2.

اياد، بابان (2008 ). أسرة بابان الكردرية، الطبعة الاولى، دار الزمان، بيروت .

ادموندز (2012). كورد و ترك و عرب، ترجمة، جرجيس فتح الله، الطبعة الاولى، دار اراس للطباعة و النشر، اربيل .

بابان، جمال ( 1986). أصول أسماء المدن والمواقع العراقيه، الجزءالاول، بغداد.

بابان، جمال ( 1993). بابان فى تاريخ ومشاهير البابانيين، مطبة الحوادث.

اياد، بابان ( 2008). أسرة بابان الكردرية، الطبعة الاولى، دار الزمان، بيروت.

باشا، خورشيد (2009). رحل الحدود بين الدول' العثمانية وإيران، ترجمة، مصطفى زهران، الطبعة الأولى، القاهرة.

البدليسى، الامير شرف خان (2001). شرفنامه، ترجمة. محمد جميل الملا احمد الروزبيانى، الطبعة الثالثة، اربيل.

توفيق. زرار صديق (2007). القبائل والزعامات القبلية الكرديه فى العصر الوسيط، الطبعة الاولى، مؤسسة ئاراس، اربيل .

حصاف، أسماعيل محمد ( 2009). كوردستان والمسألة الكوردية، الطبعة الاولى، مطبعة خانى، اربيل.

خال، محمد (بدون سنة). السيخ معروف النودهى البرزنجى،مطبعة التمدن، بغداد.

رؤوف، عماد عبد السلام ( 2008). مراكزثقافية مغموره فى كوردستان، الطبعة الاولى، مؤسسه موكريانى، المطبعة خانى، هەولير.

رؤوف، عماد عبد السلام ( 2008). دراسات وثائقه فى تاريخ الكرد الحديث وحصارتها، منشورات وزارة الثقافه، اربيل.

ريج،كلوديوس جيمس (2008). رحلة ريج، ترجمة اللواء بهاء الدين نورى، الطبعة الاولى، الدار العربية للموسوعات.

زكى، محمد امين( 1951). تاريخ السليمانية، ترجمة، الملا جميا الملا أحمد الروزبيانى، بغداد.

شاكر خصباك ( 1972). الاكراد، بغداد.

العزاوى، عباس (1948). عشائر العراق 2 الكورديه، مطعة المعارف، بغداد.

العزاوى، عباس (2000). شهرزور السليمانية (اللواء والمدينه)، الطبعة الاولى، بغداد.

فيريزر،جيمس بيلى( 1964). رحلة فريزر ال بغداد فى سنه 1834، ترجمة جعفر الخياط، الطبعة الاولى، بغداد.

قزلجى، محمد ( 1938). التعريف بمساجد السليمانية ومدارسها الدينية، مطبعة النجاح، بغداد.

قندولى، احمد محمد( 2018). قەلاجوالان واهميتها الاپريه ، مجلة بابان، العدد 24، السليمانية.

ناظم بك، حسين ( 2001). تاريخ الاماره البابانيه، الطبعة الاولى، مؤسسه موكريانى، هەولير.

هروتى، سعدى عثمان(2012). دراسات اكاديمه فى تاريخ كوردستان الحديث، الطبعة الاولى, اربيل.

ويليام ايغلتون ( 2006). القبائل الكورديه، ترجمه احمد مەحمود خليل، طبعة الاولى، مؤسسة موكريانى، اربيل.